کوژرانی دوو هاندەری سویدی لە بەلجیکا

یاریزانانی سوید ڕەتیانکردەوە یاریکەیان بەرامبەر بەلجیکا تەواو بکەن بەهۆی کوژرانی دوو هاندەریانەوە. پێش دەستپێکردنی یاریکەیان بەرامبەر بەلجیکا لە پاڵاوتنەکانی یەرەی 2024، دوو هاوڵاتی سویدی کوژران. گەمی یەکەمی یاریکە بە یەکسانی و بە گۆڵی کەتاییهاتبوو ، دواتر یاریزانانی سوید ڕەتیانکردەوە گەمی دووەم تەواو بکەن دوای ئەوەی هەواڵی کوژرانی دوو هاندەریان پێگەیشت. ڕۆژنامە بەلجیکەکان ئاشکرایانکرد، پێش دەستپێکردنی یاریکە دوو هاندەری سویدی لە بڕکسلی پایتەختی سوید کوژراون بەهۆی روداوی تەقە کردنەوە. پۆلیسی بەلجیکاش بڕیاویانکردەوە، ڕوداوەکە لە ناوەڕاستی پایتەخت ڕویداوە و ئەو دوو کەسەی کوژراون درەسی هەبژاردەی سویدیان پێشیوە و ڕوداوەکەش تیرۆریستی بووە. سەرۆک وەزیرانی بەلجیکاش لە ڕاگەیەندراوەکی فەرمیدا سەرخۆشی ئاماستەی وڵاتی سوید کرد بەهۆی کوژرانی دوو هاوڵاتیان لە وڵاتەکەیاندا.